# پێشنیارێك بۆگفتوگۆكردن

كەمال ڕەئوف

لەكۆتایی دەیەی ئاخری سەدەی بیستەمدا بەهۆی تێكچونی هاوسەنگی هێزو گۆران لە سنوری دەسەلاتی ئەو قوتبانەی كە لەئەنجامی كۆتای جەنگی دوەمی جیهانی هاتبونە ئاراوە مەسەلە سیاسییە نێو دەوڵەتیەكان پێیان نایە قۆناغێكی ترەوە، سەپاندن و قبولّ كردنی ئاكامەكانی جەنگی سارد كە بەتێكشكان و هەڵوەشاندنەوەی بلۆكی شەرقی كۆتای پێهات و شكستی كردە ئەمری واقیعی زۆرێك لەوڵاتانی سەرمایەداری دەوڵەتی، سەركەوتنێكی گەورەی بۆبازاری ئازاد تۆماركرد و فرسەتێكی ژیانەوە و بەخۆداهاتنەوەی سەرمایە گوزاری هێنایە ئاراوە، پایەكانی ئەم قوناغە كەهێشتا هەموولایەنەكانی بەدەرنەكەوتوە لەسەر دەستكەوتە ڕانەگەیەنراوەكان وكاركردی ئەو بردنەوەیە هەڵدەچنرێت كەدەیەوێت ئاڵوگۆرە سیاسی یەكان وەك مۆدێلێكی تر بخاتە ڕوو كەتیایدا دەستكەوتەكانی ئەوجەنگە بچنێتەوەو وەك پاشماوەو ئاكامی هەمووجەنگێك لایەنی براوەبە بە مەرامە سیاسیو ئابوریەكانی خۆی بگات، سەرەتاكانی ئەم ئاڵوگۆرانە بەپێچەوانەی ئەوەی كە چاوەڕواندەكرا ژیانی دوایی جەنگی سارد ئارام و هێورتربێت، ژیانێكی شێواو و ئاڵۆزترو نائارامیەكی تازەی وای بۆمرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە پێشەوە كە ئەستەمە ئەمڕۆ كەلە سەرەتای ئەو ئاڵوگۆڕانەداین وهێشتا تەمومژو ئاڵوزیەكان ڕۆشن نەبونەتەوە بەخێرای پێشبینی هەمووئەو ئەگەرانە بكرێت كەلەوانەیە لەچەند دەیەی دوایدالەسەر دەستی لایەنی براوە بێنە ئاراوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمیشە بەتەواوی ئەوەئاشكرابێت و بزانرێت كە قوتبە بچوك وتازەدەر كەوتوەكانی تریش دەتوانن یان دەیانەێت لەبەرامبەرجەبەروتی ئەو هەژمونگەریەدا چی بكەن و چی نەكەن ! چونكە بەشێكی زۆری ئەو بەرەو ڕووبونەوەیە پەیوەست دەبێتەوە بەو بزووتنەوە جەماوەریانەی كەلەبەرامبەر ئەو باڵادەستی و هەژمونگەری و ئاڵوگۆڕانەدا دێنە ئاراوە، بەلاّم لەگەڵ هەمووئەو راستیانەشدا ناتونرێت ئەو سەرەتا خوێناویە بەچاوی گرنگ وپڕ بایەخەوە وەك سەرەتایەكی نوێی خوێناوی و پڕتوندوتیژی سەیرنەكەین، یان هەڵەیەكی گەورەدەكەین گەرهەموولایەنەكانی ئەو ئاڵوگۆرانە بگێرینە بۆ ویست و خواستی لایەنەبراوەكان و بزووتنەوەجەماوەری و كۆمەڵاێەتیەكانی لێبەدەر بكەین. ئەم ململانێ نوێیەكە هەمولایەكی بەوەزنەو هێزی خۆیەوە ڕاپێچی ناو شەڕەكە كردوە بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە كەخۆلەو شەڕە بپارێزرێت ئەوە دەر دەخات كە ئەم ململانێیە سنورەكان بەڕسمی ناناسێت و دەستكراوەتر لەسەردەمی پێشوو دەست وەردەداتە هەرجێگەیەك كەمەبەستی بێت، چونكە هەلومەرجی یەك قوتبی و باڵادەستی سەرمایە وحوكمی عەولەمە، لەگەڵ ئەوەی توانی ئاڵوگۆڕبەسەر كارو ئەركی زۆربەی ئەو ڕێكخراوە نێودەوڵەتیانەدا بهێنێت كەبەرهەم ولێكەوتەوەی سەردەمی جەنگی سارد بوون، لەهەمانكاتیشدا نەقلەیەكی واشی بەتێگەیشتنە ئەخلاقی سیاسی وكۆمەڵایەتیەكان كردوە كەشەرعیەتی یەك خێزانی بداتە جیهان و خویشی لەو خێزانەدا دەوری باوكی هەبێت، هەربۆیە بەشێكی زۆر لەو ئەرك و كارانەش گۆرانیان بەسەردا دێت كەبزووتنەوە حەقخوازەكانی پێشتر گرتبویان بەدەستەوە و دەیان ویست وەك تاكتیك و ستراتیژ خەباتیان لەسەربكەن، بەجۆرێكی تر، ئەو ئاڵوگۆڕە بەناچار ئەو مافەش بەبەرابەردەدات كە بزووتنەوە سنفی و پیشەیەكان لەهەوڵی ئەوەدابن سنوری وڵات ببەزێنن وهەرچی زیاترە جیهانی ترخۆیان بنوێنن و بەیەكتریەوە پەیوەست بن، ئەم خوێندنەوەیە بەڕویەكی تریشدا بۆ كاری سیاسی و حیزبیش بەلەبەرچاوگرتنی شوێنیجوغرافی و تایبەتمەندیەكانیانەوە راست دەردەچێت، چونكە ناتوانرێت كاروجیهانبینی حیزبێكی سوسیال دیموكراتی یان دیموكراتخوازی ومەزهەبیی و سوسیالیستیەكان لەدەورانێكی ئاوادا بەجیا لەهەلومەجە جیهانیە كانیان گرەو لەسەر سەركەوتن وچونە پێشەوەیان بكرێت و بەجیالەوان بتوانین هەست بەشكست و گەشەسەندنیان بكەین. ئەمڕۆ دامەزراندن و كاركردنی حیزبی تازە دەبێت بەو ئاگاییەوە بچێتە پای كارەكانی خۆی كە بتوانێت كەڵك لەو ئەزمونانە وەربگرێت كەلەبەردەستدا هەن یان كەڵك لەو خوێندنەوە تازانە وەربگرێت كەدەتوانێت جیهانبینیەكی فراوانتربكاتە ئاسۆی خۆی تاوەك خاوەن دیدێكی جیهانیانە بتوانێت لەتازەترین و زانستیانەترین لێكدانەوە و ئیمكاناتای تەكنەلۆژیا كەڵك وەربگرێت، هەروەها لێرەشەوە دەتوانێت هەموودەستكەوتە بەدەستهاتوەكانی مرۆڤایەتی بەدەستەوە بگرێت و خەبات بۆفراوانبونەوەو سەقامگیركردنیان بكات، چونكە بەئاشكرا لەنێو ئەو ئاڵوگۆرەكاندا ئەوە دەردەكەوێت، چۆن گۆرینی هاوسەنگی هێزەكان هاوپەیمانێتی وپەیوەندی ئابوری و سیاسی دەوڵەتەكانی خستەوە بەر ئەوەی چاوی تازەیان پێدا بگێرێتەوە

www.kurdistannet.org

و جێگۆڕکێیان بەسەردابێت، ئاواش هەلومەجی تازە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناوسنوری نیشتمانیشی خستەوە بەر ئەو لێکدانەوەی کەنەتوانرێ بەتەنها بە داوەریە کۆنەکان مامەڵە لەگەڵ ئەوچوار چێوانەدا بکرێت کەپێشتر دارێژرابون و کاریان لەسەر دەکرا، بزوتنەوەی لاوان و ژنان و خوێندکاران کەجاران دەورێکی پەراوێزەییان پێدەدرا ئەمرۆ سیمایەکی شورشگێرێتی وئاڵوگۆربەخشتریان لەخۆگرتوە، بزووتنەوەی پاراستنی ژینگەو پەروەردەیی و داکۆکیکردن لە مافی منداڵان و پیرو پەککەوتەو پەنابەران کەجاران وەك کێشەیەکی فراوان و کۆمەڵایەتی چاویان لێنەدەکرا، ئەمرۆ زەرورەتێکیحاشاهەڵنەگر نیشان دەدەن، داکۆکی لەمافی مرۆڤ و دابینکردنی بیمەی بێکاری و نەهێشتنی و کەمکردنەوەی هەژاری کە تەنها لەدروشمی چەپەکاندا دەبینرا وئەو جێ بەجێکردنیان هەڵدەگیرا بۆ ئەجەلێکی نادیار، ئەمرۆ ئەو داخوازیانە بونتە خواستێکی گەورەی جەماوەری و داوای دەست بەجێی مرۆڤایەتی، ئازادی رادەربرین و مافی بەرابەری ودابینکردنی هەلومەرجی پێویستی ژیان لەلایەن دەوڵەتەوە بوتەمەرجێکی خواستراو چەسپیوی بیری هەرتاکێك کەدەیەوێت ئینسانی بونی خۆی بسەلمێنێت، هەمووئەو خواستانە کەلەگەڵ هەلومەجی تازەدابەجۆرێك لەجۆرەکان ناتەبایەو ناتوانرێت بەئاسانی وبەخێرای بەدەست بێن وبەشێوەیەکی نسبی لێرەو لەوی بەدەر دەکەون ئەمرۆ پێویستیان بەکارو خەبات و تێکۆشانێکی هەمەلایەنەهەیە، دیارە کاری رێکخراوە سنفی و پیشەییەکانیش بەجیا دەتوانن کار بۆبردنە پێشەوەو بەدەست خستنی داواکاریەکانی خۆیان بکەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوونی رێکخراوەی سیاسی زەرورەتێکی گشتگیرترو پایەتری هەیەو دەتوانی لەنێو رەهەندی هەموو ئەو کارو داخوازیانە بوونی خۆی بسەلمێنێت وخێراترو کاریگەر تر تێبکۆشێت بۆ بەدەستهێنانیان و دوربینانەتر بزووتنەوە کان رێکبخاتەوە لەروی سیاسیشەوە ئەو جیاوازیە گەورە لەخۆی نشان دەدات کەلەتوانایدا دەبێت دەسەڵاتە کۆنە پارێزەکان گۆرانکاریان بەسەردا بهێێت و بەدەسەڵاتی گونجاوتر جێگەیان پربکاتەوە.

**هەلومەرجی ئێستای عێراق و پێویستبوونی رێکخراوەی سیاسی نوێ**

عێراق لە سەرەتای سەدەی بیستم ولەدوای دامەزراندنی و سنووردیاریکردنی وەك دەوڵەتەتێکی فرەنەتەوە و سەربەخۆ، لە دابەشکاری جیهانیدا وەك وولاّتێکی خاوەن نەوت ئەو بەشدارییە ئابوریەی پێبرا کە پایە ئابوریەکەی لەسەر بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت هەڵچنێت و قورسایی سەرەکی خۆی بخاتە سەرتەنها ئەو بوارە ئابوریە، هەروەها بۆناوخۆو دەستورو ئیدارەو دەسەڵاتداریش لەدوایی دەستوری مەلیکی وکۆتایی ئینتیداب و خۆبەرێوەبردن، بەهۆی پەیرەوکردنی شێوازێك لەبەشەدواکەوتوەکەی سەرمایەداری دەوڵەتی و دەخالەتی دەوڵەت لەبەرهەمهێنان وسەرمایە گوزاری و کۆنترۆڵکردنی پیشەسازیەگەورەکان وهۆیەکانی تری ژیان و هێنان و بردنەدەرەوەی کاڵاو بازرگانی کردن، وەك زۆرێك لەولاّتەبەرهەمهێنەرە نەوتیەکانی کەنداوی عەرەبی سەرباری ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا بووە نە خاوەن ئیماکاناتێکی مادی و داهاتێکی زۆر کەچی گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری بەمانازانستیەکەی لەرووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لەماوەی چەند ساڵی رابردودانەیتوانی خۆی لەهەمووبوارەکاندا بسەلمێنێت و بەشێوەیەکی ناتەواو لەبازارو هەناوی کۆمەڵی ئەو ولاّتانەدا گوزەری کردووە ونەیان توانیوە هێندەی پێویست لەرووی سیاسیەوە کەڵك لە فەرهەنگی سیستەمی سەرمایەداری وەرگرن و لەرووی ئابوریشەوە دیسانەوە لەگەشەسەندنی پیشەسازی کەڵك وەر گرن و بەشداریەکی کارا لەبوارەکانی پیشەسازیدا بکەن ولایەنی کەم پێداویستیە لۆکاڵیەکانی ناوخۆیان و هاوڵاتیانیان بەرهەم بهێننەوە، هەروەها لەروی کۆمەڵایەتیشەوە پێچەوانەی سیستەمی سەرمایەداری، گرنگیەکی زۆر درایە مەسەلە خێڵەکیەکان وبناغەی دەسەڵاتدارێتیان لەسەرئەو شێوازە هەڵچنی، هەربۆیە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەزۆربەی ئەو وولاّتانەدا تاکو هەنوکە دەستگیراوە بەو چوارچێوەو رایەڵانەوە کەدەگەرێنەوە سەر سیستەمی فیودالستی و خێڵایەتی و ژیانیان کردۆتە پانتاییەکی فراوان ترو گونجاوترربۆ خاوەن دەسەڵات و بۆئەندامانی خێڵیش شەرعیەتێکی زیاتریان بەدەست هێنا، بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵین، سەرباری ئەوەی لەو وولاتانەدا هەژاری و نەداری زۆرە وستەمکردن بە ئاشکرا دەبینرێت و هەلومەرجی کارلەخراپترین و دواکەوتو ترین شێوەی سیستەمی سەرمایەداری بەرێوە دەچێت، کەچی هێشتا بەدەرکەوتنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان وەك پێویست جێگەورێگەی خۆیان نەگرتوەو سنوربەندیە چینایەتیەکان لەنێو بزووتنەوە پیشەیی و سیاسیەکاندا بەدەرنەکەوتون و نەیان توانیوە جێگەی شیاوی خۆیان بگرن، کارکردی ئەم تێکەو لێکە کۆمەڵایەتی و

www.kurdistannet.org

سیاسیه وای کردوه کەپێکهاتەی حیزبەسیاسیەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگانە شێوە شێواوی یەکیان پێوە دیاربێت وشێخ و ئاغا و مسکێن بەپلە کۆمەلأیەتیەکانیانەوە لەناو حیزبدا جێگەیان هەبێت، لەڕوی کارکردیشیانەوە مێژوویان پڕبێت لەهەڵبەزو دابەزی سیاسی و فکری و جێگە گۆڕینی سەیرو سەمەرە ی وا کە لەمپەری راستەوە بۆئەو پەڕی چەپ ولەوسەری توندرەوتی وشۆڕشگێریەتیەوە بۆ ئەوسەری سازش وچۆکدان هەنگاوهەڵگرن، لەعێراقیشدا بە ژمارەو بەتەمەن شێوەی ئەوحیزبانە زۆربەی ئەو حیزبانە پێکدەهێنن کەتاکو ئێستا بەشداری لەنێوکایەسیاسیەکاندا دەکەن، لەڕابردودا هەندێك لەوان کە هیچ بەرنامەیەکی ڕۆشن و ئاشکرایان بۆئایندەو تەنانەت بۆ ناوریزەکانی خۆشیان پێنەبووە کەچی توانیویانە لەنێوژیان و کایە سیاسی یەکاندا جێگەی گرنگ بگرن و بەتوانایەکی بەرچاوەوە بمێننەوە و درێژە بەتەمەنی سیاسی خۆیان بدەن، بەتێگەیشتن وقبوڵکردنی ئەم مەنتیقەش حیزب هیچ کاتێك خۆی بەبەرپرسیارنەزانیوە لەو هەڵەو کەموکوریانەیکە لەژیانی سیاسیدا ئەنجامیان داوە و زۆر بەشێنەیی و بێ رونکردنەوەی پێویست و قانع کەر توانیویانە لەشەوڕۆژێکدا خۆیان بگۆڕن وبچنە ئەو جێگەیەوە کە بەرژەوەندی خێڵ و سەرۆك پێویستی پێهەبوە، هەربۆیە هەمیشە ئۆپۆزیسۆن بون و ڕێکەوتن و تێکەڵ بوون لەگەڵ دەسەڵاتدا نێوانیان تاڵە مویەك بووە، بەکورتی حیزب هەمیشە ئەو چوار چێوەیە بوە کەویستویەتی ڕێکخراوی هەموان بێت و لەهەمان کاتیشدا کەس مافی پرسیارکردن و لێپرسینەوەی بەسەر چۆنیەتی بەرێوەچونی کارو بریارەکانەوەنەوە نەبێت، هەروەها هەوڵدراوە حیزب پابەند نەبێتەوە بەبەرژەوەندی هیچ چین و توێژێکی دیاریکراوە وە یان پابەندنەبێتەوە بەهیچ تێگەیشتنێکی فکری و ئەکادیمی سیاسیەوە، بەدرێژایی ئەو مێژوە ڕەخنەی حیزب لەدەسەڵاتە جیاوازەکانی عێراق هەمان ئەو ڕەخنەیە بوە کەلەبەرژەوەندی وچاویلکەی هەندێك کەسی بەدەسەڵاتی ناوحیزبەوە سەیرکراوە، هەربۆیە بەردەوام حیزبی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات کاتێك لەیەکتری نزیککەوتونەتەوە لەناوەرۆکدا جیاوەزیەکی هێندە گەوریان نیشان نەداوە کەشایەنی شکۆمەندی و لەبەرچاوگرتنی زۆربێت، کاتێکیش ئاگری دژایەتیان زیادی کردبێت و ناکۆکی لەنێوانیادا تەقیوەتەوە، وەك سوپای سوری ستالین و هێزی هێرشبەری هێتلەر لەیەکیان کوشتوبرکردوە و جێگاو هەناسەیەك نەماوەتەوە بۆبە یەکتری گەیشتن و یەکتری قبوڵکردن ودیالۆگ کردن پێکەوە، ڕووداوەکانی ئەو مێژوە ئەوە دەسەلمێنێت کە بەدرێژایی ئەو تەمەنە، نەئۆپۆزیسۆن توانیویەی بەتەواوەتی بەکارووەزیفەی خۆی وەك ئۆپۆزیسۆنێکی نیشتمانی - نەتەوەیی - چینایەتی - هەڵسێت، نە دەسەڵاتەکانیش توانیویانە بەوەرازی بن کەدەنگی ئۆپۆزیسۆن بەئازادی ببیسترێ و نەبواری ئەوەشیان داوە کارەکانی ئۆپۆزیسۆن بەڕەسمی وبە ئارامی بەڕێوە بچێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو شەڕو ناکۆکیانەی حیزب و دەسەڵات حیزب و حیزب بەردەوام لەلایەن هەمووولایەکەوە هەوڵی ئەودراوە وەك شەڕی فکری و نەتەوەیی ونیشتمانی و ئاینی پەردەپۆش بکرێن و ئیحساساتی خەڵکیان لەدەوری ئەو مەسەلانە جولأندوەو هێزی خۆیان لەناو ئەو تەمومژەدا تەیارکردوە، کێشەی حیزبی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات بەردەوام هێندەی کێشەیەکی سیاسی رووتی حیزبی و هەوڵدان بوە بۆ خۆبەشەریککردن و قورخکردنی دەسەڵات، هێندە نەگەڕاوەتەوە سەرڕەگی ئەو ناکۆکی وکێشە کۆمەلأیەتی و نەتەوەیی و ئاینیەی کەبوونی لەنێو کۆمەڵگەی عێراقدا هەبوە و هەوڵێك نەبوە بۆگۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵدا بۆیە ئێستاش دوایی تێپەڕینی چەند دەیەیەك لەبوونی ئەو حیزبانە، بەحوکمی وابەستەیی و تەقلید بونیانەوە بەخوێندنەوە کۆنەکانەوە، هیچیان خاوەن پرۆژەیەکی ڕۆشن و کاریگەر نین بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی کەئەمڕۆلەنێو کۆمەڵی عێراقدا ماونەتەوە، ئاشکرایە زۆرێك لە حیزبانە بەهۆی پەیوەندی و بەرژەوەندیان بەووڵاتانی هەرێمایەتیەوە نەك هەر ناتوانن دەورێکی ئەکتیف لەکۆمەڵدا بگێرن، بەڵکو خودی خۆشیان هۆیەکی گەورەی پشێوی ناو کۆمەڵ پێکدەهێنن، لێرەوەیە زیادەڕۆی نییە گەر بڵێین : ئۆپۆزیسۆنی دوێنی لەمڕۆدا لەگەڵ لەناوچونی دەسەلأتی ناوەند ئەوانیش گەلێك شەرعیەتی خۆیان لەدەستداوە، چونکە ئەوان ناتوانن بەبێ دەسەلأتێکی توندرەوو دیکتاتۆری خۆسەپێن ناشرینیەکانی خۆیان لەبەرچاوا ن بشارنەوە، بەلایەکی تریشدا ئەوان ئەو کاتەی دژایەتی تاکڕەوانەی دەسەلأتێك دەکەن، ئەو لێکدانەوە وەر ناگێرنە سەر ئەو زوبانەی کەتاك دەسەلأتی خۆیان ڕەتبکەنەوە، هەرئەوەشە کەوایکردوە تاکوئێستا نەیاخواستوەلەسەر بەرنامەیەکی وارێك بکەون کەجێگەی شیاو و گونجاوبۆئازادی هەڵسورانی سیاسی یەکترێ و ئۆپۆزیسۆنی تازە بهێڵنەوە، ئەمەجگە لەوەی کەنەشیان توانیوە خاوەن بەرنامەیەکی وابن کەحیزب لەدەست ئەوتێگەیشتن وداوەریە خێڵەکیەکان ڕزگاربکەن کە بۆخۆی هۆیەکی راستەو خۆیان هەیە بۆبەر هەمێنانەوەی سەرکردەی دیکتاتورو حیزبی فاشستی.

## ئەنجامگیری

ڕوخاندن و تێکشکاندنی ماشێنی حوکم ودەسەلاتی ڕژێمی بەعسی عێراق بەوشێوەیەی کە ڕوویدا، نەك هەرگۆڕانی گەورەی سیاسی لەناوعێراقدا دروستکردو پرسیارگەلێکی زۆری لەم ولاتە بەدوای خۆیدا هێنایە ئاراوە، بەڵکولەوەش زیاتر وەك ئاڵوگۆڕ و ڕوو داوێکی سیاسی ناوچەیی و جیهانی خۆی نمایشکردو ڕاچەنین وپرسیارگەلێکی گەورەتروفراوانتری بەدوای خۆیدا هێنایەکایەوە کەپێویستی بەهەڵویستەکردن و پیاچونەوەو جیهان بینیەکی هەمەلایەنەی ورد هەبێت، ئاڵوگۆڕەکان بۆناوخۆو خەڵکی عێراقی ئەو پرسیارە تەقلیدیانەی تێپەران کەچەندساڵ بوو بەتەنهالەدەوری ئەو میحوەرانە دەسوڕایەوەو خەڵك بەدوای وەلامی ئەو پرسیارەدا دەگەرا کە ئاخۆ کام لەباڵ و کام لەحیزبە ئۆپۆزیسۆنەکان دەچنە سەر دەسەلات و ئەوبۆشاییەپڕدەکەنەوە کەبەدوای ڕژێمی سەدامدا دێتە پێشەوە، شێوازی ڕوخاندنە کە و دەست تێوەردانی ڕاستەخۆو مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان لەنێو شارەکاندا نەك هەربواری بەشداری کردنی لەبەر دەم خەڵکدا بەرتەسك کردەوە وخەڵك نەیانتوانی لەو ئاڵوگۆڕەدا کەمترین بەشداری بکەن، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنیش ئەو دەورەیان پێبڕا کەوەك تەماشاکەر لەدەرەوەی ڕووداوەکانەوە بوەستن و نەتوانن دەخالەتێکی ڕاستەو خۆو جدی لەو هەڵمەت و هێرشانەدا بکەن کەبوە هۆی لەناوچونی دەسەلاتی ناوەند، لەگەڵ ئەم کەنارخستنەدا ئەو مافەشیان لێسەندرایەوە کەنەتوانن چ لەسەرەتادا و چ لەدوای ڕوخاندنەکەش بەشداریەکی راستەو خۆبکەن لە دەسەلات ودەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیارە گرنگ و چارەنوس سازەکانی ئێستا وئایندەی عێراق، دیارە بەرووی دەرەوەشدا هێزە هەرێمایەتیەکانیش نینۆکیان کراو گوشارێکی وایان خرایەسەر تاکو نەتوانن لەو پشێوی و ئاڵوزیەدا بەرنامەو خواستی تەماحکاریان لەڕێگەی ئۆپۆزیسۆنەکانەوە جێبەجێ بکەن دیسانەوە گوشاری ئەوەشیان خرایەسە تاکوپەیوەندیەکانیان بەئۆپۆزیسۆنەوە بەرتەسك بکەنەوە.

جێگەو ڕێگەی هێزە کانی ئوپۆزیسۆن لەنێو ڕوداوەکاندا و بێ بەرنامەیی و تەقلید بوونی هەیکەل و بونیەی حیزبەکانیان بەشێك لەو پرسیارگەلە پێك دەهێنێت کەهەر ئێستا لەنێو خەڵکدا سەری هەڵداوە و لەوە دەپرسنەوە کە ئەو هێزانە بەدوای ڕووخانی حکومەتی مەرکەزیدا ئاخۆ هیچ پرۆژەیەکی عەمەلی وجیدی وایان پێیە کەبتوانێت لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا شتێکی وای لێ سەوزبکرێت کەخزمەت بەهەلومەرجی تازەو خەڵك بکات؟

ئەوەی کەهەر ئێستا هەڵمەتێکی ڕەخنەگرتن و پرسیارکردن لەوهێزانە دەستی پێکردووە، ئەوە بەشێکە لەو گومان و گریمانانەی کەلای خەڵك لەبەرامبەر ئەو اندا دروست بوە و دەیەوێت ئەو پرۆسیسە بەشێوەیەکی ڕەخنە ئامێزانەو خۆجیاکردنەوە لەو تەقلیدە تێپەڕێنێت و پێ بنێتە قوناغێکی بالاتری واوە کەحیزب بگێڕێتەوە جێگەو ڕێگەی شیاوی خۆی ومافە لەدەست چووە کانی هاولاتی بوون کەدەورانێکە حیزب و دەسەلات زەوتی کردووە بیسەنێتەوە هەروەها ئەو بزووتنەوەحۆرسکیە دەیەوێت ئەوەش بە دەسەلاتی ئایندە نیشان بدات، کە بەوسوکایەتی و بێ مافکردنەش ڕازینانبنەوە کەپێشتر سەپێنرابوون بەسەریاندا.

پێدەچێت لەلای خەڵکی عێراقی ئەو بڕوایە دروست بووبێت کە کۆتایی ڕژێم سەرەتای کۆتایهاتنی ئۆپۆزیسۆنەکەشی بێت، هەربۆیە زۆر لەو دەنگانە دەبیسترێت کەلەیەك کاتدا بەرەورووی سەدام و زۆرێکیش لە حیزبە نەیارەکان دەکرێتەوە، ئەم پرۆسیسەی ڕەخنەگرتن و بەرەوڕووبوونەوەو خۆجیاکردنەوەیە لەتەقلیدیەتی حیزب لەبەشێکی کوردستان بەحوکمی ئەوەی ماوەیەکی زیاترە ئەم ناوچەیە لەدەسەلاتی ناوەندو جەبەروتی بەعس ڕزگاریان بووە و خەڵك لەو بەشەدا ئاگایی وهوشیاری سیاسیان زیاترە و دەستکەوتێکی تیابەدەست هاتوە، پرۆسەکە بەربلاو ترو ڕێکخراوتروگەرموگوڕتر لەبەرامبەرقودسیەتی دوێنێ حیزبە سیاسیە کوردییەکان دەرکەوتوە بەتایبەتی لەبەرامبەری هەردووحیزبی بالادەست خۆی نیشان دەدات، پرۆسەکە ئیدارەو حیزب بەرەو ڕووی پرسیارو ڕەخنەی توند دەکاتەوە، بەشێك لەو ڕەخنانە بەئاشکرا ئەوەنیشان دەدات کە ئەوان چیتر بەشێوەی کۆن نابێت قەڵەمڕەوی دەسەلاتیان پیرەو بکەن یان نابێت حیزب و حیزبی بوون بخەنەسەرو هەموو مەسەلەیەکەوە ولێیان داوادەکرێت کە خۆیان بگۆڕن و کرانەوە قبوڵ بکەن، بەلام لەهەناوی ئەو ڕخنانەدا دیسانەوە ئەوەش دەبینرێت کە ئەو حیزبانە چیتر ناتوانن بۆ ئەم سەردەمە دەست بدەن وبەحوکمی بیرۆکراتیەت بون یانەوە ناتوانن خۆیان بگۆڕن ولەو قاڵبە بێنەدەرەوە کە هیچ نەبێت بڕوابەوە بهێنن کەلەنێو خۆشیاندا دەنگی جیاوازو ڕای جیاواز قبوڵ بکەن و بواربدەن شێوازی دیالۆگی ئازاد سەر دەر بهێنێت، ئەمە جگەلەوەی کە ڕای واش هەیە کە بەهیوابوونی ئەوەی کەئەوان بگۆڕێن تەنهاخەیاڵ و خۆشباوەڕیە،

چونکه ئەوان بەرژەوەندیان نییە لەوە تێبگەن کەحیزبیش پیربوونی هەیە و دەبێت بزووتنەوەکان توانای خۆنوێ کردنەوەی لەکۆمەڵدا بۆ فەراهەم بکرێت، هەروەها کارێکی نازانستی و دوور لەلۆژیکی سیاسی و مەنتیقیشە گەر بڕوا بەو بۆچوونەبکەین کە حیزبێکی دیاریکراو بۆ هەمووئەوران و سەر دەمێك دەست دەدات، چونکە مێژوو و هەلومەرجەکان بۆخۆیان حیزبی تازەبە تێگەیشتنی تازە دەهێنێتە پێشەوە و دەبێت هەمووشمان بەوە ڕازی بین و بڕوا بەوە بهێنین کە مەرج نیە بۆ هەموو هەلومەرج و زەمەنێك حیزبێکی سیاسی شوڕشگێربێت و تاسەر بەشۆڕشگێڕێتی بمێنێتەوە، بەتایبەتی کەلەکوردستان و لەنێو کایە سیاسیەکاندا ئەو شتەی کە پێی دەڵێن حیزب زیاتر بەمەزاجی سەرۆك و سەرکردە ئەزەلیەکەیەوە گیردەخوات و هەنگاو هەڵدەهێنێت، ئەمڕۆ بەرەو ڕووبونەوەی حیزب لەگەڵ خواست و داواکاریەکانی خەڵکدا تا ئەو جێگەیە هەنگاوی هەڵگرتووە کە بەجیالە حیزب خەڵك لەبیرکردنەوەو هەوڵی دامەزراوەو کۆمەڵەی مەدەنیدان و پێیان وایە کە بە تەنها بەرەخنەگرتن و پرسیارکردن ناتوانن کارکردە نادروستەکانی حیزب لەسەر کۆمەڵ کەم ڕەنگ بکەنەوەو بەری پێبگرن، چونکە ئاشکرایە حیزبی تەقلیدی لەکاتێکدا کە داکۆکی لەبەرابەری ژن و پیاو دەکات لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵە ئاینی و بیرۆکە ئاینیەکان دەلاوێنێتەوەو دەست بەسەریاندا دەهێنێت، یان لەیەك کاتدا داکۆکی لە مافی مناڵان و لاوان دەکات و خۆشی بەرهەمهێنەرەوەی بیری باوکسالاری و توندوتیژیە لەنێو خێزان و کۆمەڵ، هەربۆیە ئەو رایە دروستە کەپێی وایەحیزبە تەقلیدیەکان هێندەی بەخەمی ئەوەوەن کەکۆمەڵگە داگیربکەن هێندە بەخەمی ئەوەنین کەئازادی بەرهەمبهێنن و بیسەلمێنن، لەم تێگەیشتنەوەیە کە بەلێکدانەوەی سیاسیە پێشکەوتوخوازەکان بەبێ دامەزراندن وپێکهێنانی حیزبی تازەی جەماوەری ناتوانرێت دەوری خراپیحیزبە تەقلیدیەکان لەدەسەلات و کاری سیاسیدا بەری پێبگیرێت، چونکە لەئاکامدا ئەوە حیزبە کەدەچێتە پایی هەڵبژاردن و خۆ تەیارکردنەوە بۆگرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی و ئیدارەکردنەوە نەك کۆمەڵەو ڕێکخراوە مرۆییەکان، ئەمە جگەلەوەی کە حیزبە تەقلیدیەکان بەهۆی پاشخانی سیاسی و هاوپەیمانی هێزی هەرێمایەتی وئیمکاناتاتی مادیانەوە توانای ئەوەیان دەبێت بۆدەورانێکی درێژتربەهێزوپایەیەکی بەرچاوەوە درێژە بەکاری سیاسی خۆیان بدەن و بتوانن خۆبسەپێن وئەو لەمپەرە بن کەچوونە پێشەوە وکرانەوەی کۆمەڵگە کارێکی ئاسان نەبێت، حیزبی کوردی کە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفەی بونی خۆیان لەسەر ئەوە ڕێکخستوەو هەڵچنیوە کەگوایە دژی دەسەلاتی مەرکەزی و بێ مافی خەڵکی کورد بوون وداخوازی ئازادی وسەربەستی میللی بوون، کەچی بەشێکی زۆرلە هێزو هزری سیاسی خۆیان لەو شەڕو ململانێیانەدا بەخەرج داوە کەلەگەڵ گرووپ وحیزبی تری کوردیدا بووە و هەمیشە ئەوکارەیان بەخاڵی بەهێزی حیزب زانیوە وئەوەیان بە کارێکی نەبچراوگرنگ و پربایەخ زانیوە کە حیزب بتوانێت بەرەو ڕووی ئەو دەنگ و ڕەنگانەبێتەوە کەلەخۆی نەچوە و لەچوارچێوە و لەژێر چەتری حیزبەکەی خۆیدا نەبوە، لێرەوەیە کەئەمڕۆ هەقوایە چیترخەڵکی کوردستان لەهۆڵی چاوەڕوانیدا دانەنیشن و ئەو فرسەتەی هاتۆتەپێشەوە لەدەست نەدرێ و خۆ خەریك نەکرێ بەئارایشکردن و پینەو پەڕۆکردنی شتەکۆنەکانەوە، بەڵکو دەبێ بەمەنتیقی تازە سەیری هەلومەرجی تازە بکات و لەوەتێبگات ئەوەی کەڕووی دا بووە بەشێك لەمێژووی سیاسی و دەتوانرێت کەڵك لەدەرس و ئەزمونەکانی وەرگیرێت و بەئازایانەش ڕەخنەی شتە خراپەکانی ڕابردوو بکرێت، هەروەها هەقوایە ڕۆشنبیرانیش لەباتی ئەوەی خۆیان بەگفتوگۆکردنێکی بێزەنتینیەوە خەریك بکەن، چاکتروایە هانی ئەوەبدەن کە بەخوێندنەوەی دروست بیرلە زیادکردن و دامەزراندنی ڕێکخراوە ی ڕشتەیی و مرۆییەکان بکرێتەوە وکۆمەڵەی مەدەنی و ڕۆشنبیری دامەزرێنرێت تاکو پاوانخوازی و داگیرکاری حیزب لەنێو کۆمەڵگەو کەمبکرێتەوە، هەروەها خەڵکیش مافی خۆیەتی لەدامەزراندن و پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراو گەلێك بەشداری بکەن کەشایستەی ژیان و خواستەکانی سەردەم بێت و لەئاستی ئەو هەلومەرجەدابێت کە بتوانێت ژیانی سیاسی و حیزبایەتی لە کوردستاندا ببەنە جێگەیەکی بالاتروگونجاوترو بزووتنەوەکان پێ بنێنە قوناغێکی تازەتری واوە کەلەئاستی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەدابێت کەئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا سەریان دەرهێناوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.